چەند ئایەتێك دابەزێنراوەتە سەرم هەرگیز هاوشێوەیان نەبینراوە، موعەویزەکان

لە عوقبەی کوڕی عامرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرموو: «چەند ئایەتێك دابەزێنراوەتە سەرم هەرگیز هاوشێوەیان نەبینراوە، موعەویزەکان».
[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

عوقبەی کوڕی عامر -ڕەزای خوای لێبێت- دەیگێڕێتەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرموویەتی: ئەمشەو خوای گەورە چەند ئایەتێکی دابەزاند هەرگیز هاوشێوەیان نەبینراوە -واتا لە پەناگرتندا- ئەوانیش بریتین لە موعەویزەکان: سورەتی -الفلق-: {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ...}، وسورەتی -الناس-: {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ...}.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65448